The Centre of Halabja
Against Anfalization and
Genocide of the Kurds
C.H.A.K
www.chak.info

Nawendî Helebce
Dij be Enfalkirdin u
Cînosaydî Gelî Kurd
ÇAK
contact@chak.info

# پاراستنی ژیانی مستەفای حەسەن گەورە ئەرکی دەسەڵاتدارانی کوردستانە

**بەڕێزان :**

*سەرۆکی هەرێمی کوردستان*

*سەرۆکی پەرلەمانی کوردستان*

*سەرۆکی حکومەتی کوردستان*

*پارتە سیاسییەکانی کوردستان*

*ڕێکخراوەکانی ماف مرۆڤ لە کوردستان و جیهان*

*کەس و کاری قوربانیان*

کاک مستەفای حەسەن گەورە خاوەندی ڕەگەزنامەی دانمارکییە و هەڵسوڕاوی دیار و چالاکی ناوەندی چاک گەڕاوەتەوە کوردستان, بۆ تۆمارکردنی سکاڵای یاسایی لەسەر ئەو کەسانەی تاوانیان بەرامبەر بە خێزانەکەی ئەنجامداوە, وەك ماف کەسی, ئەمەش نەریتێکی شارستانییە کە قوربانیان لە ڕێگەی دادگاوە داوای مافەکانیان بکەن, وەلێ بەپێی زانیاری دەست کەوتوو, کەسانێك بە نیازن دەستی لێ بوەشێنن.

ئێمە پاراستنی ژیانی ئەو هەڵسوڕاوەمان بە ئەرکی هەموو لایەکتان دەزانیین, دەست بردن بۆ دادگا بۆ یەکلاکردنەوەی کێشەکان ماف هەر هاووڵاتییەکە و ڕێگایەکی ئاشتیانە و شارستانیانەیە, ناوەندی چاك پشتگیری لە هەر هەوڵێکی لەم چەشنە دەکات کە لە ڕێگەی دادگاوە کەس و کاری قوربانیان داوای یەکلاکردنەوەی کێشەکانیان بکەن.

جارێکی دیکە دووبارەی دەکەینەوە پاراستنی ژیانی مستەفای حەسەن گەورە ئەرکی دەسەڵاتدارانی کوردستانە.

**ناوەندی چاك**

**2007-1-21**

وێنەیەك بۆ ئەمنستی ئەنتەرناسیۆنال

ڕێکخراوەکانی ماف مرۆڤ